بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٢١) ساڵی دووەم ٣١/١٠/٢٠٠١ زایینی(٩)ی گەلاڕێزان ٢٧٠١ کوردی (١٥)ی شەعبان ١٤٢٢ی کۆچی

## لەم ژمارەیەدا :


- **یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠١** ل١
  یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەوانانی کوردستان - عێراق

- **یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠١** ل٨
  یاسای دیاری کردنی تەمەنی جینائی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

- **بڕیاری ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠١** ل١٠
  بڕیاری دەسەڵات پێدانی لێبوردنی تایبەت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

- **سیستەمی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠١** ل١١
  سیستەمی ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی

- **سیستەمی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠١** ل٢١
  سیستەمی پەیمانگەی پێش نوێژ و وتار خوێن


ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

www.mojkurdistan.com

e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد

بەدالە ( ٢٢٣٠٣٥١ : ٢٢٣٠٣٥٢ : ٢٢٣٠٣٥٣ : ٢٢٢٠٥١٢ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٢١) السنة الثانية ٣١/١٠/٢٠٠١م (٩) گەلاڕێزان ٢٧٠١ ك (١٥) شعبان ١٤٢٢ هـ

## في هذا العدد

• قانون رقم (١٣) لسنة ٢٠٠١ ص١٢

قانون صندوق تقاعد صحفيي كوردستان العراق

• قانون رقم (١٤) لسنة ٢٠٠١ ص١٨

قانون تحديد سن المسؤولية الجنائية في أقليم كوردستان العراق

• قرار رقم (١٠) لسنة ٢٠٠١ ص٢٠

تخويل رئيس مجلس الوزراء صلاحية أصدار قرار العفو الخاص

• نظام رقم (٣) لسنة ٢٠٠١ ص١١

نظام المجلس الأعلى للأوقاف و الشؤون الأسلامية

• نظام رقم (٤) لسنة ٢٠٠١ ص٢١

نظام معهد الأئمة و الخطباء لوزارة الأوقاف و الشؤون الأسلامية لأقليم كوردستان ـ العراق

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان

www.mojkurdistan.com

e.mail: waqaea@yahoo.com

البدالة ( ٢٢٣٠٣٥١ : ٢٢٣٠٣٥٢ : ٢٢٣٠٣٥٣ : ٢٢٢٠٥١٢ )

سعر النسخة ( ٥ ) دنانير

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ١٣**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١٠/١٣**

پشت بە حوكمەكانی برِگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داواكردنی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥)ی رۆژی (٢٠٠١/١٠/٩) یـدا ئـەنجامی داوەو ، بـەپێی ئەو دەسەلاّتەش كە برِگە (٣)ی یاسای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ١٩٩٧ پێمـانی داوە ، برِیـاری دەرهێنـانی ئەم یاسایەی خوارەمان دا :

## یاسای ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٠١
## یاســای سـندوقی خانــەنشینی رۆژنامــەوانــی كوردســتانی ـ عێـراق

**ماددەی یەكــەم :**

لەم یاسایەدا ، مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە :

هەرێم : هەرێمی كوردستانی عێراق.

رۆژنامەوان : هەر ئەندامێ ئینتیمای لە سەندیكای رۆژنامەوانانی كوردستاندا كردبێـو ئیلتیزامـی خـۆی بۆ بەجێهێنابێ ، ئەوە دەگرێتەوە.

سندوق : سندوقی خانەنشینی رۆژنامەوانانی كوردستان.

دەستە : دەستەی سندوقی خانەنشینی رۆژنامەوانان.

مافی خانەنشینی : مووچەی خانەنشینی.

سەندیكا : سەندیكای رۆژنامەوانانی كوردستانی ـ عێراق.

## بەشــی یەكـــەم
## دامـــەزرانـــدن

**ماددی دووەم :**

یەكەم : بە پێـی ئـەم یاسـایە ، سـندوقێ بـە نـاوی (سـندوقی خانەنـشینی رۆژنامـەوانانی كوردسـتان) دادەمـەزرێو ، دەسـتەیەك بـە نـاوی (دەسـتەی سـندوقی خانەنـشینی رۆژنامـەوانان)ــەوە بـەرێوەی دەبات.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

دووەم : ئەم سندوقە شەخسیەتی مەعنەویی خۆی هەیەو مافی موڵكداربوونی دارایـی دەسـت هـەڵگرو دەست هەڵنەگر (المنقولـة و غـیر المنقولـة)ی هەیـەو ، سـەرۆكی دەسـتەكە یـان هـەر كەسـێ كـە ئـەو

دەسەلأتی بداتێ ، دەبێتە نوێنەری سندوقەکە لە بەردەم دادگاو دایەرەی رەسمیو نیمچە رەسمی و لایەنەکانی تردا.

**ماددەی سێیەم :**

دەستەی ئەم سندوقە لە سێ ئەندام پێك دێ :

یەکەم :

أ. ئەندامێکی ئەسڵی و ئەندامێکی یەدەگ ، ئەنجومەنی سەندیکا دەیانپاڵێوێ.

ب. ئەندامێکی ئەسڵی و ئەندامێکی یەدەگ . بە پلەی بەڕێوەبەر ، وەزیری رۆشنبیری دایاندەمەزرێنێ.

ج. ئەندامێکی ئەسڵی و ئەندامێکی یەدەگ .

د. بە پلەی بەڕێوەبەر ، وەزیری داراییو ئابووری دایاندەمەزرێنێ.

هـ. ماوەی ئەندامێتی لە دەستەکەدا سێ ساڵەو ، تازەکردنەوەشی بۆ هەیە.

دووەم :

أ. نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری سەرۆکایەتیی دەستەکە دەکا.

ب. ئەم دەستەیە هەموو بڕیارەکانی خۆی بە زۆرینەی دەنگ دەردەکات.

**ماددەی چوارەم :**

دەسەلأتەکانی دەستە :

دەستە ئەم دەسەلأتانە دەگێڕێ :

یەکەم : داهاتی دارایی بۆ سندوقەکەو وەبەرهانینی (استثمارها) دابین دەکاو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەش بۆ بەرژەوەندی ئامانجەکانی سندوقەکە دەیانخاتەگەڕ.

دووەم : رۆژنامەوانان خانەنشین دەکا.

سێیەم : دیارکردن و چەسپاندنی ماوەی بەسەربردنی پیشەکە بۆ رۆژنامەوان و حساب کردنیشی بۆ مەبەستی خانەنشینی.

چوارەم : بڕینەوەی مافی خانەنشینی بۆ رۆژنامەوانان و ، دوای مەرگیشیان بۆ خاووخێزانیان.

پێنجەم : ئامادەکردنی بوجەی ساڵانەی سندوقەکەو ، ناردنی بۆ وەزارەتی داراییو ئابووری بۆ تەسدیق کردن و ، رێکخستنی جەدوەلی مانگ بە مانگی سەرجەم حساباتی سندوقەکە.

شەشەم : بە پێی یاسا کارپێکراوەکان ، فرمانبەران بۆ هەڵسووڕاندنی ئیشوکاری سندوقەکە دادەمەزرێنێو ، کۆتاییش بە خزمەتیان دێنێ.

حەوتەم : لە بانکێ لە بانکەکانی هەرێمدا حسابی تایبەت بۆ دارایی خۆی دەکاتەوەو بەو بانکەی دەسپێرێو ، لێ کێشانەوەو خەرج و مەسرەفیش بە بڕیاری دەستەو ئیمزای سەرۆکی دەستەو بەرپرسی دارایی دەکرێ.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

هەشتەم : هەندێ لە دەسەلأتەکانی خۆی دەدات بە سەرۆکەکەی یان بە یەکێ لە ئەندامەکانی.

نۆیەم : دەرهێنانی ڕێنمایی پێویست بۆ ساناکردنی ئیدارەی سندوقەکە.

## بەشی دووەم
## حوکمە داراییەکان

**ماددەی پێنجەم :**

داهاتی سندوقەکە لە مانە پێك دێت :

١. ئابوونەی بەشداربوونی رۆژنامەوانان.
٢. دەسنگە (منحە) و کۆمەکی حکومەتی هەرێم.
٣. وەزارەتی رۆشنبیری رێژەی (١٠٪) لە مزو کرێی ئەو ئیعلانانەی کە لە رۆژنامەو کەناڵەکانی دیکەی راگەیاندندا بڵاودەکرێنەوە بۆ سندوقەکە دادەبڕێ.
٤. ئەو بڕە پارەیەی کە ئەنجومەنی سەندیکا لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا لە پاکی پارەی حازری سەندیکاکە بۆ سندوقەکەی دادەبڕێ بە مەرجێ لە رێژەی (٥٠٪)ی پارە حازر بەدەستەکە کەمتر نەبێ.
٥. دەسنگەو بەخششی دارایی جۆر بەجۆر ، دوای رەزامەندیی لایەنی پەیوەندیدار.
٦. ئەو پارەیەی کە ساڵانە، لەهەر رۆژنامەو ئاژانسی دەنگوباس و دەزگایەکی راگەیاندن وەردەگیرێ، سا هی چاپ کردن یان بڵاوکردنەوەی یان دابەش کردن بن ، بە مەرجێ لە هەزار دینار کەمتر نەبێ.
٧. داهاتەکانی وەبەرهانینی پارەی سندوقەکە.
٨. قازانجی ئەو بزاڤ و چالاکییانەی کە دەستەی سندوقەکە بۆ بەرژەوەندی سندوقەکە دەیگێڕێ.
٩. هەر داهاتێکی دیکە کە موستەهەقی سندوقەکە بێت.

**ماددەی شەشەم :**

بۆ دەستە هەیە داهاتەکانی سندوق بەم شێوەیەی خوارەوە وەبەربهێنێ.

١. دانانی لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم بە گوێرەی ئەو ڕێژەو سوودانەی کە بڕیار دراوە.
٢. کڕین و فرۆشتنی بەشەکان (الأسهم) و سەنەداتی دارایی حکومەت.
٣. قەرزدان بە قازانج بە دەزگا رەسمیو نیمچە رەسمییەکان بە زەمانەتی یەکێك لە بانکەکان کە ماوەکەشی لە سێ ساڵی تێپەڕ نەکات.
٤. وەبەرهانینی ماڵ و موڵکی دەست هەڵگر و دەست هەڵنەگری سندوقەکە.

**ماددەی حەوتەم :**

شەرت و شرووتی بەشداربوونی رۆژنامەوان لە سندوقەکەدا :

أ. دەبێ ئەندامی سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردستان بێ.
ب. نابێ کەوتبێتە ژێر ڕکێفی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی یەکی دیکە یان سندوقێکی خانەنشینی یەکی دیکەوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ج. تەمەنی لە (٥٠) پەنجا ساڵ تێپەڕی نەکردبێ ، تەنیا ئەوانە نەبن کە ئەندام بوونیان لە سەندیکا پێش بەکارخستنی ئەم یاسایە چەسپاوە.

**ماددەی هەشتەم :**

١. رۆژنامەوان دەبێ ئابوونەی ساڵانەی خۆی ، هەمووی بە جارێ ، بەر لە کۆتایی دوا مانگی هەموو ساڵێ بدات و ، ئەگەر لە وادەی موستەهەقی خۆی ترازاو نەیدا ، ئەوە ، لەو بارەدا رێژەی (٥٠٪)ی ئابوونەی ساڵانەکەی دەخرێتە سەر.

٢. ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانە (٦٠) شەست دینارە.

٣. هەر دەزگایەکی رۆژنامەوانی یان راگەیاندن کە رۆژنامەوان کاری تێدا دەکا ، پێویستە ساڵانە دوو قاتی ئابوونەی ساڵانەکەی ، بدات بە سندوقەکە ، بە مەرجێ شەرت و شرووتی بەشداربوونی بووبێ.

٤. هەر رۆژنامەوانێ بەشداربووبێو ئابوونەی ساڵانەکەی کە کەوتووەتە سەری نەیدابێ یان ئابوونەی ساڵانی پێشتری نەدابێ ، ەسەندیکا ناشێ ناسنامەکەی بۆ تازە بکاتەوە.

٥. رۆژنامەوانێ حوکمەکانی برگە (٤) بیگرێتەوە ، دەبێ ئەو ئابوونانەی کە لەسەری کەڵەکە بووەو نەیداوە ، لە ماوەی یەك ساڵدا هەمووی بە چەند قیستێ بداتەوە.

٦. ئەگەر رۆژنامەوان موددەو ماوەی هەڵسوڕاندنی دیکەی پیشەکەی بووبێو ، بۆ مەبەستی خانەنشینی بۆی حساب کرابێ ، دەبێ بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئابوونەی بەشداربوونی ئەو موددەو ماوەیەش بدات.

## بەشی سێیەم
## حاڵەتەکانی موستەهەقبوونی مووچەی خانەنشینی

**ماددەی نۆیەم :**

رۆژنامەوان لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا موستەهەقی مووچەی خانەنشینییە :

١. ئەگەر ماوەیەك کە لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێ پیشەکەی کردبێ ، سا ئەو ماوەیە سەرومڕ (دائم) بووبێ یان پچڕ پچڕ.

٢. ئەگەر (٦٣) ساڵ تەمەنی بەسەر بردبێو بە خزمەتی رۆژنامەوانییەوە ماوەیەکی لێ بەسەر بردبێ لە (٢٠) بیست ساڵ کەمتر نەبێ.

٣. ئەو کەسەی ئەو دوو برگەیەی سەرەوەی ئەم ماددەیە بیگرێتەوە ، مافی خانەنشینی تەواوی دەکەوێ.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**ماددەی دەیەم :**

رۆژنامەوان شایستەی تەواوی مافەکانی خانەنشینە :

www.mojkurdistan.com

یەکەم : ئەگەر رۆژنامەوانێ لە کاتی کاروپیشە رۆژنامەوانی یەکەیداو بەو هۆیەوە ئەمری خوا بکا یان شەهید ببێ ، ئەوە لەو بارەدا خاووخێزانێ موستەهەقی مافی خانەنشینی دەبن.

دووەم : ئەگەر لە كاتی كاروپیشە رۆژنامەوانی یەكەیداو بەو هۆیەوە دوچاری پەككەوتەیی بوو و ، بە تەواوی و بەردەوام لە كاروپیشە رۆژنامەوانییەكەی خست ، بە مەرجێ بڕیاری لیژنەیەكی پزیشكیی پسپۆرو رەسمیی بۆ دەرچووبێ.

**ماددەی یازدە :**

رۆژنامەوانێ ئەگەر دوچاری نەخۆشییەك هات و بە بڕیارێكی لیژنەیەكی پزیشكیی پسپۆرو رەسمی دەركەوت كە لە كاروپیشەی بەردەوامی رۆژنامەوانی كەوتووە ، ئەوە خانەنشین دەكرێو ، بە پێی ئەمانەی خوارەوە مافی خانەنشینی پێ دەدرێ :

١. ماوەی خزمەتی رۆژنامەوانییەكەی چەند مانگ بووبێ ، هەر مانگەو موستەهەقی (٢,٥٠٠) دوو دینارو نیوە ، مانگی نا تەواویشی بە مانگی تەواو بۆ حساب دەكرێ بۆ مەبەستی خانەنشینی ، بە مەرجێ لە دوو سەدو پەنجا دینار كەمتر نەبێ.

٢. ئەگەر رۆژنامەوانی خانەنشین ئەمری خوا بكات ، ئەوە لەو بارەدا ، مافی خانەنشینی یەكەی ، لە رۆژی مەرگییەوە دەچێ بۆ خاووخێزانیو لەم حاڵەتەدا دەقی حوكمەكانی یاسای كارپێكراوی خانەنشینی مەدەنیی بەسەردا دەخرێتەكار.

**ماددەی دوازدە :**

ئەگەر رۆژنامەوان ئەمری خوای كردو ، ماوەی ئیقراركراوی هەڵسوڕاندنی كاروپیشەكەی تەواو كردبوو یان بەپێی خزمەتی ئیقراركراو تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواو كردبوو ، یان تەواو نەكردبوو ، ئەوە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە مووچەی خانەنشینی بۆ خاووخێزانی دەبڕدرێتەوە.

## بەشی چوارەم
## مافەكان و خزمەت

**ماددەی سیازدە :**

١. ئەگەر شەرتوشرووتی تەواوی هەبێ ، ئەوا سندوق (٧٢٠) دینار مووچەی خانەنشینی ، مانگانە ، بە رۆژنامەوان دەدا.

٢. ئەو مافە خانەنشینییەی بە پێی ئەم یاسایە دراوە ، لەگەڵ هیچ مافێكی خانەنشینی دیكەدا كە یاسایەكی خانەنشینی دیكە یان سندوقێكی خانەنشینی دیكە پێی دابێ ناشێ كۆبكرێتەوەو لە دوو لایەنەوە مافی خانەنشینی وەربگرێ.

**ماددەی چوارەم :**

ئەو ماوەو موددەتانەی خوارەوە ، بۆ خانەنشینی بە خزمەت دادەنرێن :

١. ماوەی نەخۆشی و (اصابة) كە رۆژنامەوانی لەكارخستبێ ولە سێ ساڵ زیاتر نەبێ و بڕیاری لیژنەیەكی پزیشكیی پسپۆڕی لەگەڵ بێ .

٢. ماوەی بەندی (حەپسی) كە بە بڕیاری حوكمێ بەسەر رۆژنامەواندا دەرچووبێ و ئازادیی لێ بەربەست كردبێ یان ماوەی گرتنی یان دەست بەسەر كردنی كە هۆی سیاسییان بووبێو لە بەرژەوەندی باڵای گەل و فیدرالیزمی هەرێمی كوردستان لایان نەدابێ.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٣. مـاوەی بێبـەش بـوونی رۆژنامـەوان لـەکارو پیـشەکەی خـۆی بـەهۆی داخـستنی ئـەو دەزگـا رۆژنامەوانیيە یان ئەو دەزگـای راگەیاندنـە کـە ئیـشی تێـدا دەکـات ، بـە مـەرجێ ئـەو لـەکار بـێ بەشبوونە یان ئەو داخستنە پێچەوانەی بەرژوەندی گەلی کوردستان نەبووبێ.
٤. ماوەی نێوان دوو ئەرکی رۆژنامەوانی کە رۆژنامەوان لـەو بەینـەدا بـێ کـاربووەو لـە پیـشەکەی خۆی بە دووربووە ، بە مەرجێ لـەو ماوەیـەدا ئـیش و کـارێکی دیکـەی نـەکردبێ یاسـایەکی دیکـە بیگرێتەوە.
٥. ئـەو ماوەیــەی کــە لەســەر رەزامەنــدیی ئەنجومــەنی ســەندیکای رۆژنامــەوانانی کوردســتان بەخوێندنەوە خـەریك بـووە ، بـە مـەرجێ لـە چـوار سـاڵ نـەترازێ و بـۆ وەرگرتنـی بڕوانامەیـەکی زانستیی بڕوا پێکراو بووبێ.

**ماددەی پــازدە :**

یەکەم : ماوەی کارکردنی رۆژنامەوان لە دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیدا بۆ مەبەستەکانی خانەنشینی ناژمێردرێ.

دووەم : خزمەتی ئەندامی سەندیکا لە کەناڵە راگەیاندنەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی و ، بەبێ بچڕاندنی پێش راپەڕینە پیرۆزەکەی (١٩٩١/٣/٥) بۆ مەبەستەکانی خانەنشینی بە خزمەتی فیعلی دادەنرێت

سێیەم :

١. لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە لە سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردستان پێك دەهێنرێ.
٢. ئەم لیژنەیە سەیری ئەو داوایانـە دەکـات کـە ئاراسـتەی کـراون و لەگـەڵ تەوسـیاتەکانی خـۆی پێـشکەشی ئەنجومـەنی سـەندیکای رۆژنامـەوانانی دەکـات بـۆ بنبڕکردنـی (للبـت) . بڕیارەکـانی لیژنەکەش بواری ئەوەی تێدا لە مـاوەی (٣٠) رۆژدا ـ کـە لـە رۆژی تەبلیغـەوە دەسـت پـێ دەکـا ـ تانەی لێ بدرێ لە بەردەم دادگای تەمییزی هەرێمدا و بڕیاری ئەم دادگایەش بنبڕە .
٣. بڕیاری حساب کردنی خزمەتی ئەو رۆژنامەوانەی کە دەیگرێتەوە دەدرێ بە دەستەی سندوق.

**ماددەی شـــازدە :**

چ رۆژنامەوان و چ خاووخێزانی دوای مردنی خۆی ، بۆیان هەیە داوای هێنانەوەی ئەو ماوەیـەش بکـەن کە لە دەزگای رۆژنامەوانی یا ئیعلامیدا بوویەتی کە بخرێتە سـەر خزمەتـە فیعلیيەکـەی بـۆ مەبەسـتی خانەنشینی.

**ماددەی حەڤــدە :**

یەکەم : رۆژنامەوان و ئەوانەش کە مافی خانەنشینی یەکەیان بۆ دەمێنێتـەوە بۆیـان هەیـە لـەماوەی ( ٣٠ ) سـی رۆژدا کـە لـە رۆژی ئاگادارکردنەوەکـەوە دەسـت پێدەکا نـارەزایی خۆیـان لـە بریارەکـانی سـەندوقەکە دەربـارەی مـافی خانەنـشینی یـان ( ضـم ) ی مـوددە یـا رەتکردنـەوەی بخەنـە بـەردەم ئەنجومەنی تـەدقیقی مەسـەلەکانی خانەنـشینەوە و ، بریارەکـانی ئـەم ئەنجومەنـەش بـواری ئـەوەیان تێدایە لەماوەی ( ٣٠ ) رۆژدا — کە لەرۆژی تەبلیغەوە دەست پێدەکات — لەبەردەم دادگـای تـەمییزی هەرێمدا تانەیان لێبدرێ و بریارەکانی ئەم دادگایەش بنبڕە .

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

دووەم : حوکمەکانی برگە ( یەکەم ) ی سەرەوە ، ئـەو حاڵەتانـە ناگرێتـەوە کەلـە مـاددە (١٤)ی ئـەم یاسایەدا هاتووە .

سێیەم : ئەو کەسەی نارەزایی بخاتەبەردەمی ئەنجومەنی تەدقیق کردن ( ٥٠ ) پەنجا دینار تەئميناتی لێوەردەگیرێ ، پاشـان ئەگـەر نارەزاییەکـەی لـەجێی خـۆی بـوو ، ئـەوە (٥٠) پـەنجا دینارەکـەی پێدەدەنەوە .

## بەشـی پێنجـەم
## حـوکمـە گشـــتییـەکــان

**ماددەی هــەژدە :**

١. ناوی رۆژنامەوانەکە لەتۆماری سـەندیکای رۆژنامـەوانانی هەرێمـەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ تۆمـاری رۆژنامەوانە خانەنشینەکان .

٢. رۆژنامــەوان ، کــەبریاری خانەنــشینییەکەی خــۆی وەرگــرت ، ئیــدی دوای ( ٣ ) ســێمانگ لــەوەرگرتنی بریارەکــە پێویــستە دەســت لــەئیش و کــاری رۆژنامــەوانی هــەڵبگرێ ، خۆئەگــەر سەرپێچیی کرد ، ئەوا ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردسـتان ئینـزاری دەکـا کـەواز لـەو سەرپێــچییە بهێنــێ ، خۆئەگــەر هــاتوو ئــەم جــارەش وازی نــەهێنا ئــەوا ، لــەوبارەدا مووچــە خانەنشینییەکەی دەوەستێ تاماوەیەك کەئەنجومەنی سەندیکا ئەو ماوەیە دیاردەکا .

**ماددەی نــۆزدە :**

ئەگەر رۆژنامەوانەکە خۆی یا یەکێ لە خاوخێزانەکەی دوای مردنـی خـۆی لـەوەرگرتنی مووچـەکە دابڕا یان نەهات و داوای مووچە بۆ برینەوەی نەکرد و دوو سالیشی زیـاتر بەسـەر داچـوو ، ئـەوە ، لەو بارەدا مافی ئـەوەی نییـە داوای مووچـەی ئـەو ماوەیـە بکـات کەدواکـەوتووە مەگـەر بیـانووی بەجێی هەبێ بۆ ئەو دواکەوتنەی ، دواکەوتن لەپێشکەشکردنی بەڵگەنامـەو مـەعلومات بەدەسـتەی سەندوق بەپێی ئەم ماددەیە بەدابڕان لەداواکردن لەقەڵەم دەدرێ .

**مادده بیســت :**

هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، ناخرێتەبەرکار .

**ماددەی بیســت و یــەك :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی بیســت و دوو :**

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاْوکردنەوەی لەوەقائیعی کوردستاندا دەخرێتە بەرکار .

**د. رۆژ نــوری شــاوەیس**
**ســەرۆکی ئە نجــومــەنی نیشــتمانیی کوردســتانی عێـراق**

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ١٤**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١٠/١١**

پشت بە حوکمەکانی برِگە (١) ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هـەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و ، لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦) ی رۆژی (٢٠٠١/١٠/١٠) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێـی ئەو صەلاّحییاتەش کە برِگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، برِیـاری دەرهێنـانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسـای ژمـارە (١٤)ی سـاڵی ٢٠٠١
## یاسـای دیـاری کـردنی تەمـەنی جینـائی لـە هەرێمی کوردسـتانی عێراقـدا

**ماددەی یەکەم :**

بە مەبەستی ئەوەی کە یاسای ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ ی چاودێری مێرد منـدالاّن (رعایـة الأحـداث) لە هەرێمی کوردستاندا بەسەر مێرد منـداڵی کـەتن کـەر (جـانح)و ئـەو بـچووك و مێـرد مندالاّنەشـدا کـە تووشی کەتن دەبن و بەسەر خاوەنەکانیشیاندا پیادە بکرێ ، ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بە ماناکانی بەرامبەریان لێك دەدرێنەوە :

١. ئەوەی تەمەنی (١١) یازدە ساڵانی تەواو نەکردبێ بە بچووك لە قەڵەم دەدرێ .
٢. ئەوەی (١١) ساڵانی تەواو کردبێ و هـەژدە سـاڵانی تـەواو نـەکردبێ بـە مێردمنـداڵ (حـدث) لـە قەڵەم دەدرێ .
٣. ئەوەی تەمەنی (١١) یازدە ساڵانی تەواو کردبێ و (١٥) پازدە ساڵانی تەواو نەکردبێ بە منـداڵ لە قەڵەم دەدرێ .
٤. ئەوەی (١٥) پازدە ساڵانی تەواو کردبێ و (١٨) هەژدە ساڵانی تەواو نەکردبێ بە لاو لـە قەڵـەم دەدرێ .
٥. خاوەندەکانیان : باوکە ، دایکە یان ئەو کەسەیە کە بچووکێ ، یان منداڵێکی لە ژێر سایەدا بـێ ، یان بە برِیارێکی دادگا یەکێ لەو دووانە پەروەدە بکات.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان

**ماددی دووەم :**

هەر کەسێ لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا تەمەنی (١١) یازدە ساڵانی تەواو نەکردبێ ، داوای جـەزائی (الدعوى الجزائية) لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەسەر ناکرێتەوە .

www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم :**

ماددەی (٣) و ماددەی (٤٧ ـ یەکەم) لە یاسای ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی چاودێری کردنی مێرد منداڵان ، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکار دەخرێو ، لە جیاتی ئەو دوو ماددەیە حوکمەکانی ماددەی یەکەم و دووەمی ئەم یاسایە دەخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت کاری پێ ناکرێت .

ماددەی پێنجەم : پێویستە وەزیرە پەیوەندارەکان ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی شەشەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا ، دەخرێتە بەرکار و حوکمەکانیش ئەو دەعوایانەش دەگرێتەوە کە هێشتا حوکمی بنبڕیان بۆ دەرنەچووە .

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆکارە پێویستەکان

بۆ بەرجستەکردن و بە گوێرەی سیاسەت و بۆچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرامبەر بە منداڵ و بەرپرسیارێتی بۆ ئامادەکردنی بارودۆخێك کە دەرفەت بدات بەبەشداری بەشێوەیەکی کارامە و داهێنەرانە لەژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری و پەرەپێدان بەتوانا هزری و رەوشتی و رۆحیەکانی لەمیانی خێزانێکی یەکگرتووی پتەو و دڵنیابوونی پەیوەندییەکی بەردەوامی و هاوبەند بۆ منداڵەکانی و ، ئامادەکردنی بارودۆخێکی گونجا و بۆگەشەکردنی کەسایەتی منداڵەکە بەشێوەیەکی یەکسان و هاوسەنگ لەژینگەیەکی لەباردا بەتایبەتی کەئەو منداڵە بەترسناکترین قۆناغەکانی ژیانیدا تێدەپەرێ و ، مێرد منداڵیش پێش گەیشتنی بەتەمەنی (١١) ساڵان هۆشی لاوازە بەرامبەر بەوکردەوانەی کەدەیکات و بەپێچەوانەی یاسان و ، پێشبینی نەکردنی رەهەندەکانی یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی و ، ئەو ترسناکییەی کەلێی دەبێتەوەو ، هەروەها ئەو زیانەی کەلەکۆمەڵ دەکەوێت بەهۆیو چ بەرپرسێتیەکی جینائی لەسەر دەکەوێت و چ بەسەردا دەسپێنرێت بەو هۆیەوە لەسزا و بێ بەپێی ئەو ئاراستە باوانەی لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان لەبواری چاودێری نەوجەوانان و پاراستنیان لە (الجنوح) وە چارەسەرکردنی ئەو لادان و کەتنانە کەتووشیان دەبێ و بۆئەوە کەحوکمەکانی یاسای چاودێری کردنی نەوجەوانان زیاتر گونجاو بێت لەگەڵ حوکمەکانی پەیوەندار بەسەرەتا کۆمەڵایەتیەکان و یاسایەکان و پەیوەست بەمافی منداڵان و سەرپەرشتی کردنیان و حوکمەکانی رێککەوتنامەی مافەکانی منداڵ پەسەندکراو لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ٣ / ئەیلول / ١٩٩٠ مۆرکراوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیــار : ١٠**
**ڕۆژی بڕیــار : ٢٠٠١/١٠/١٠**

## " بڕیـــــار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (أ) لە ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١) هەموارکراوی ١٩٩٢ وە لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٦) ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/١٠ دا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا :

**یەکــەم :** دەسەڵات بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەدرێت بۆ بڕیاردانی لێبوردنی تایبەت (عفو خاص) بۆ تاوانبار و حوکمدراوانی ئەو دەعوایانە دەربکات ، کە لە نێوان لایەنەکانیدا ئاشتبوونەوە و پێکهاتن دێتە دیٚ بەدەری ئەم تاوانانە :

١. بیٚ هۆش کارەکان (مخدرات) .
٢. سیخوڕی .
٣. کوشتنی هاوڵ بە دزی .
٤. اختلاس و دزی کردنی پارەوپولی دەوڵەت .
٥. بەرتیل .
٦. دەست درێژی کردن (اغتصاب) .
٧. نێربازی (لواطة) .
٨. داوێن پیسی (الزنا) بە مەحرەم .
٩. دەست درێژی کردن بەسەر فەرمانبەر و ئەو کەسانەی ، کە بەکاری خزمەتگوزاری گشتی هەڵدەستن لە کاتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیان یاخود بە هۆیەوە .
١٠. کوشتنی ئەو بیانیانەی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کار دەکەن .
١١. تاوانەکانی تیرۆر .

**دووەم :** ئەم بڕیارە کاری پیٚ دەکرێت تاوەکو تەواو کردنی قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکی نەتەوەیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد .

**سـێیـەم :** لە یەکجار زیاتر حوکمدراوەکان ناتوانن سوود لەم بڕیاری لێبوردنی تایبەتە وەرگرن .

**چــوارەم :** پێویستە وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە کار .

**پێنجـەم :** هەر دەقیٚ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ، ناخرێتە بەرکار .

**شەشــەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وقایعی کوردستان)دا ، دەخرێتە بەکار .

**د. ڕۆژ نــوری شاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نــاوی خــوای گــەورەو میهــرەبان**
**ســەرۆکایــەتی ئە نجــومەنی وەزیــران**

پاڵپشت بە بڕگەی (٣) لە ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣) لە ساڵی ١٩٩٢ و بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی حەوتەم لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کارەباری ئیسلامی ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٨) لە ٢٠٠١/٨/١٩ بڕیاری دەرکردنی ئەم سیستەمەی خوارەوەیدا :

## سیستەمی ئە نجـومـەنی بـاڵای ئەوقاف و کاروبـاری ئیسـلامی
## ژمـارە (٣)ی ســاڵی ٢٠٠١

**ماددەی یەکــەم :** ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە .

**یەکـەم :** دانـانی پـلان و پرۆگرامـی گـشتی وەزارەت بـە پێـی ئامانجـەکانی و دیراسـەت کردنـی ئـەو گیروگرفت و کۆسپانەی دێتە ڕێی جێبەجێ کردنیان .

**دووەم :** دیراسەت کردن و پەسندکردنی پڕۆژەی یاسای سیستەمەکانی تایبەتی موڵکی (وەقف) تاوەك پێویست کاری لەسەر بکرێت و بەرزبکرێتەوە بۆ لایەنی تایبەتمەند .

**سێیەم :** گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی ساڵانەی وەزارەت و پێشکەش کردنی پێشنیاری پێویست لـەم بارەیەوە بە مەبەستی بڕیاردان لەسەری و بەرز کردنەوەی بۆ لایەنی بەرپرس .

**چوارەم :** دیراسەت کردنی ئەو بابەتانـەی لـە لایـەن وەزیـرەوە پێـشکەش بـە ئەنجومـەن دەکرێـت تـا پێشنیار و ڕاسپاردەی پێویست لە بارەیەوە دەربکەن .

**پێنجەم :** جێبەجێ کردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێیان دراوە بە گوێرەی یاساو بڕیـارو سیـستەمەکانی تایبەت بە ئەوقاف .

**ماددەی دووەم :** کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن :_

ئــەنجــومـــەن بــە ئامــادەبــوونی $\frac{2}{3}$ — دوو سێیەکی ئەندامانی کۆدەبێتەوە و بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی دەنگ دەردەچێت.

**ماددەی سـێیەم :** کۆبوونەوەکانی ئەنجومـەن (٢) دوو مـانگ جارێـك ئـەبێت و بـۆ سـەرۆکی ئەنجومـەن هەیە لە کاتی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت .

**ماددەی چــوارەم :** بۆ وەزیر هەیە ڕێنمایی تایبەت بۆ ئاسان کـردن و جێبـەجێ کردنـی ئـەم سیـستەمە دەربکات.

**ماددەی پێنجــەم :** لەسەر وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیە ئەم سیستەمە جێبەجێ بکات.

**ماددەی شەشــەم :** ئەم سیـستەمە جێبـەجێ دەکرێـت لـە ڕۆژی بڵاوکردنـەوەی لـە ڕۆژنامـەی وەقـایعی کوردستان.

**نێچـیـرڤـان بـــارزانــی**
**ســەرۆکی ئەنجــومــەنی وەزیـــران**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بـاسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصـدار : ١٣**
**تـأريخ الأصـدار : ٢٠٠١/١٠/١٣**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) و المادة (٥٣) من القانون رقم (١) لـسنة ١٩٩٢ المعـدل ، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء ، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته الأعتيادية المرقمة (٥) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠١/١٠/٩ وللصلاحية المخولة لنـا بموجـب الفقـرة (٣) مـن القـانون رقـم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا أصدار القانون الأتي :

## قـانـون رقـم (١٣) لـسـنـة ٢٠٠١
## قـانـون صنـدوق تقـاعـد صحـفيي كوردسـتـان ـ العــراق

**المادة الأولـى :**

يقصد بالتعابير الأتية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون :

الأقليم : اقليم كوردستان العراق .

الصحفي : كل عضو منتم الى نقابة صحفيي كوردستان و موفٍ بالتزاماته .

الصندوق : صندوق تقاعد صحفيي كوردستان .

الهيئة : هيئة صندوق تقاعد الصحفيين .

الحقوق التقاعدية : الراتب التقاعدي .

النقابة : نقابة صحفيي كوردستان ـ العراق .

### الفصــل الأول
### التــأســيس

**المادة الثانيــة :**

أولاً : يؤسس بموجب هذا القانون صندوق باسم (صندوق تقاعد صحفيي كوردستان) تديره هيئة تـسمى هيئة صندوق تقاعد الصحفيين .

ثانياً : يتمتع الصندوق بالشخصية المعنوية و له حق تملك الأموال المنقولة و غير المنقولة ويمثله رئـيس الهيئة أو من يخوله امام المحاكم و الدوائر الرسمية و شبه الرسمية و الجهات الأخرى .

**المادة الثالثــة :**

تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة أعضاء .

**أولاً :**

أ. عضو أصلي وأخر أحتياط يرشحهما مجلس النقابة .

ب. عضو أصلي وأخر أحتياط وبدرجة مدير يعينهما وزير الثقافة .

ج. عضو أصلي وأخر أحتياط وبدرجة مدير يعينهما وزير المالية والأقتصاد .

د. مدة العضوية فيها ثلاث سنوات قابلة للتجديد .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ثانياً :**

أ. يرأس الهيئة ممثل وزارة الثقافة .

ب. تصدر الهيئة قراراتها بالأكثرية.

**المادة الرابعــة :** صلاحيات الهيئة :

تمارس الهيئة الصلاحيات التالية :

أولاً : تأمين الموارد المالية للصندوق واستثمارها بما يخدم أغراض الصندوق وفق احكام هذا القانون .

**ثانياً** : احالة الصحفيين على التقاعد .

**ثالثاً** : تحديد وتثبيت مدة ممارسة الصحفي للمهنة واحتسابها لأغراض التقاعد .

**رابعاً** : تخصيص الحقوق التقاعدية للصحفيين ولعيالهم بعد وفاتهم .

**خامساً** : اعداد الميزانية السنوية للصندوق وارسالها الى وزارة المالية والأقتصاد للمصادقة عليها وتنظيم جداول شهرية عن مجمل حسابات الصندوق .

**سادساً** : تعيين الموظفين لتسيير اعمال الصندوق وانهاء خدماتهم وفقاً للقوانين المرعية .

**سابعاً** : ايداع اموال الصندوق بحساب خاص في احد مصارف الأقليم ويتم السحب والصرف بقرار الهيئة وبتوقيع رئيسها والمسؤول المالي .

**ثامناً** : تخويل رئيسها او احد اعضائها البعض من صلاحياتها .

**تاسعاً** : اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل ادارة الصندوق .

## الفصــل الثــانــي
## الأحـكــام المـاليـــة

**المادة الخامسـة :**

تتكون موارد الصندوق مما يلي :

١. بدل اشتراكات الصحفيين .
٢. منح و مساعدات حكومة الأقليم .
٣. نسبة (١٠٪) تستقطعها وزارة الثقافة من اجور نشر الأعلانات في الصحف و القنوات الأعلامية لحساب الصندوق .
٤. ما يقرر مجلس النقابة استقطاعه من صافي موجودات النقابة في نهاية كل عام على ان لا يقل عن (٥٠٪) من صافي الموجودات المالية .
٥. المنح و الهبات المالية المختلفة بعد موافقة الجهات ذات العلاقة .
٦. ما يستوفي سنوياً من اية صحيفة او وكالة انباء او مؤسسة اعلامية سواء كانت للطبع او النشر او التوزيع على ان لا يقل عن الف دينار .
٧. عوائد استثمارات الصندوق .
٨. ريع ما تقرره هيئة الصندوق القيام به من نشاطات لمصلحة الصندوق .
٩. اية موارد اخرى تستحق للصندوق .

ئـــەرشـيـفـی رۆژنـامـەی وەقـايـعـی كـــــــــوردستان

**المادة السادسـة :**

للهيئة ان تستثمر موارد الصندوق بالطرق الأتية :

www.mojkurdistan.com

١. ايداعها لدى مصارف الأقليم حسب النسب و الفوائد المقررة.
٢. بيع وشراء الأسهم و السندات المالية الحكومية .

٣. اقراض المؤسسات الرسمية و شبه الرسمية بفائدة و بضمان احد المصارف و بآجال لا تتجاوز ثلاث سنوات.

٤. استثمار ممتلكات الصندوق من الأموال المنقولة وغير المنقولة .

**المادة السابعة :**

شروط اشتراك الصحفي في الصندوق :

أ. ان يكون عضواً في نقابة صحفيي كوردستان .

ب. ان لا يكون مشمولاً بأحكام قانون تقاعدي او صندوق تقاعدي اخر .

ج. لم يتجاوز عمره (٥٠) خمسين سنة باستثناء الصحفيين الذين ثبتت عضويتهم في النقابة قبل نفاذ هذا القانون.

**المادة الثامنة :**

١. يدفع الصحفي الأشتراك السنوي دفعة واحدة قبل نهاية الشهر الأخير من كل سنة وعند عدم الدفع في موعد الأستحقاق تضاف اليه نسبة (٥٠٪) من بدل الأشتراك السنوي .

٢. بدل الأشتراك السنوي (٦٠) ديناراً .

٣. على المؤسسة الصحفية و الأعلامية التي يعمل فيها الصحفي دفع ضعف بدل الأشتراك السنوي للصحفي المشمول الى الصندوق سنوياً .

٤. لا يجوز للنقابة تجديد هوية المشمول ما لم يسدد البدلات المستحقة عليه للصندوق عن السنة المنتهية او الأقساط المستحقة عليه عن السنوات السابقة .

٥. على الصحفي المشمول باحكام الفقرة (٤) ان يقوم بتسديد الأشتراكات المتراكمة على شكل اقساط وخلال سنة واحدة .

٦. اذا ضمت اية مدة باعتبارها مدة ممارسة الصحفي للمهنة لغرض التقاعد يدفع عنها بدلات الأشتراك وفق احكام هذا القانون .

## الفصل الثالث

## حالات استحقاق الراتب التقاعدي

**المادة التاسعة :**

يستحق الصحفي راتباً تقاعدياً في الحالات الأتية :

١. اذا كانت له ممارسة (خدمة) في العمل الصحفي لا تقل عن (٢٥) سنة سواء كانت متواصلة او متقطعة .

٢. اذا اكمل (٦٣) سنة من العمر وله خدمة صحفية لا تقل عن عشرين سنة .

٣. يستحق المشمول في الفقرتين اعلاه من هذه المادة الحقوق التقاعدية كاملة .

**المادة العاشرة :**

ئــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــــوردستان

يستحق الصحفي كامل الحقوق التقاعدية :

www.mojkurdistan.com

اولاً : اذا توفي او استشهد الصحفي اثناء تأديته لعمله الصحفي ومن جرائه يستحق عياله الحقوق التقاعدية .

ثانياً : اذا اصيب بعجز اثناء تأديته لعمله الصحفي ومن جرائه واقعده ذلك ومنعه من ممارسة مهنته بصورة دائمية و ذلك بقرار من لجنة طبية رسمية مختصة .

**المادة الحادية عشرة :**

يحال الصحفي على التقاعد اذا اصيب بمرض يمنعه من ممارسة العمل الصحفي بصورة دائمية و بقرار من لجنة طبية مختصة رسمية ، و يمنح الحقوق التقاعدية وفق ما ياتي :

١. يستحق مبلغ (٢,٥٠٠) دينارين ونصف الدينار عن كل شهر من خدمته الصحفية و يحتسب اجزاء الشهر شهراً كاملاً لأغراض التقاعد على ان لا يقل عن مائتين وخمسين ديناراً .
٢. في حالة وفاة الصحفي المتقاعد تنتقل حقوقه التقاعدية من تأريخ وفاته الى عياله المستحقين وتطبق في هذه الحالة احكام قانون التقاعد المدني النافذ .

**المادة الثانية عشرة :**

اذا توفي الصحفي سواءاً اكمل المدة المقررة لممارسة المهنة او بلغ السن القانونية للتقاعد المقترنة بالخدمة المقررة او لم يكمل فتطبق بشأنه احكام هذا القانون لغرض تخصيص الراتب التقاعدي لعياله .

## الفصل الرابع
## الحقوق والخدمة

**المادة الثالثة عشرة :**

١. عند استيفاء كافة الشروط يمنح الصندوق للصحفي راتباً تقاعدياً مقداره (٧٢٠) ديناراً شهرياً .
٢. لا يجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية الممنوحة بموجب هذا القانون واية حقوق تقاعدية من قانون تقاعدي او صندوق تقاعدي اخر .

**المادة الرابعة عشرة :**

تحتسب المدد الأتية خدمة لأغراض التقاعد:

١. مدة المرض او الأصابة التي اقعدت الصحفي عن العمل فترة لا تتجاوز ثلاث سنوات معززة بقرار من لجنة طبية مختصة .
٢. مدة قضاء الصحفي حكماً بعقوبة سالبة للحرية او توقيفه اعتقاله لأسباب سياسية غير مخلة بالمصالح العليا للشعب و فيدرالية اقليم كوردستان .
٣. مدة حرمان الصحفي عن العمل بسبب غلق المؤسسة الصحفية او الأعلامية التي يعمل فيها على ان لا يتعارض الحرمان و الغلق مع مصلحة شعب كوردستان .
٤. مدة عدم ممارسة الصحفي للمهنة للفترة بين عملين صحفيين على ان لا يكون قد مارس خلالها عملاً مشمولاً بقانون اخر .
٥. المدة التي يقضيها في الدراسة بموافقة مجلس نقابة صحفيي كوردستان على ان لا تتجاوز اربع سنوات و يشترط حصوله على شهادة علمية معترف بها .

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الخامسة عشرة :**

اولاَ : لا تحتسب فترة عمل الصحفي في معاداة الحركة التحررية الكوردستانية لأغراض التقاعد .

ثانياً : تعتبر خدمة عضو النقابة فى القنوات الاعلامية للحركة التحررية الكوردستانية دون انقطاع قبل الانتفاضة المجيدة فى ٣/٥ /١٩٩١ خدمة فعلية لاغراض التقاعد .

ثالثا :

١. تشكل لجنة خاصة لهذا الغرض فى نقابة صحفيى كوردستان .
٢. ((تنظر هذه اللجنة فى الطلبات المقدمة اليها وتعرضها مع توصياتها على مجلس نقابة الصحفيين للبت فيها وتكون قراراتها خاضعة للطعن لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان ـ العراق خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبلغ بالقرار و يكون قرار المحكمة باتاً)) .
٣. يودع قرار احتساب هذه الخدمة للصحفي المشمول لدى هيئة الصندوق .

**المادة السادسة عشـرة :**

للصحفي و عياله من بعده طلب ضم الخدمة المقضية في المؤسسة الصحفية او الأعلامية الى خدمته الفعلية لأغراض التقاعد .

**المادة السـابعة عشرة :**

اولاً : للصحفي ولمن تؤول اليهم الحقوق التقاعدية حق الأعتراض على قرارات الصندوق فيما يتعلق بالحقوق التقاعدية او ضم المدد او رفضها لدى مجلس تدقيق قضايا المتقاعدين خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ به ويكون قرار مجلس التدقيق خاضعاً للتمييز لدى محكمة تمييز الأقليم خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبلغ ويكون قرارها باتا .

ثانياً : يستثنى من احكام الفقرة اولاً اعلاه الحالات الواردة في المادة (١٤) من هذا القانون .

ثالثاً : يستوفى من المعترض لدى مجلس التدقيق تأمينات قدرها خمسون ديناراً وتعاد له اذا ظهر محقاً في اعتراضه.

## الفصـل الخـامس
## احكــام عـامــة

**المادة الثامنـة عشـرة :**

١. ينقل اسم الصحفي من سجل نقابة الصحفيين في الأقليم الى سجل الصحفيين المتقاعدين .
٢. على الصحفي الأمتناع عن ممارسة العمل الصحفي بعد ثلاثة اشهر من تأريخ تبلغه بقرار احالته على التقاعد وعند مخالفته يقوم مجلس نقابة صحفيي كوردستان بانذاره بوجوب ترك المخالفة فاذا لم يلتزم يوقف صرف راتبه التقاعدي لمدة يحددها مجلس النقابة .

ئــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــــوردستان

**المادة التاسعة عشرة :**

www.mojkurdistan.com

اذا انقطع الصحفي او فرد من عياله بعد وفاته عن تناول راتبه او عن المراجعة بشأن تخصيصه له مدة تزيد عن سنتين يسقط حقه بالمطالبة عن مدة الأنقطاع الا اذا كان الأنقطاع بعذر مشروع و يعتبر التخلف عن تقديم الوثائق و المعلومات التي تطلبها هيئة الصندوق انقطاعاً عن المراجعة لأغراض هذه المادة .

**المادة العشـرون :**

لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون .

**المادة الحاديـة و العشـرون :**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون .

**المادة الثانيـة والعشـرون :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نـــوري شــاويـس**
**رئيـس الـمجــلس الـوطني لكوردسـتان العــراق**

ئــــــەرشيفی رِۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم الأصدار : ١٤
تأريخ الأصدار : ٢٠٠١/١٠/١١

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) و المادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، و بناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء ، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته الأعتيادية المرقمة (٦) والمنعقدة بتأريخ ٢٠٠١/١٠/١٠ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا اصدار القانون الأتي :ـ

## قانون رقم (١٤) لسنة ٢٠٠١
## قانون تحديد سن المسؤولية الجنائية
## في أقليم كوردستان العراق

**المادة الأولى :**

لغرض سريان قانون رعاية الأحداث رقم (٧٦) لسنة ١٩٨٣ في اقليم كوردستان ـ العراق على الحدث الجانح و على الصغير و الحدث المعرضين للجنوح وعلى أوليائهم بالمعاني المحددة أدناه لأغراض القانون المذكور :

١. يعتبر صغيراً من لم يتم الحادية عشرة من عمره .
٢. يعتبر حدثا من اتم الحادية عشرة من عمره ولم يتم الثامنة عشرة .
٣. يعتبر الحدث صبيا أذا اتم الحادية عشرة من عمره ولم يتم الخامسة عشرة .
٤. يعتبر الحدث فتى أذا اتم الخامسة عشرة من عمره ولم يتم الثامنة عشرة .
٥. يعتبر ولياً ، الأب و الأم أو أي شخص ضم اليه صغيراً أو حدث أو عهد اليه بتربية أحدهما بقرار من المحكمة.

**المادة الثانية :**

لا تقام الدعوى الجزائية في اقليم كوردستان ـ العراق على من لم يكن وقت ارتكاب الجريمة قد اتم الحادية عشرة من عمره .

**المادة الثالثة :**

يوقف نفاذ المادة (٣) و المادة (٤٧) / أولا من قانون رعاية الأحداث رقم (٧٦) لسنة ١٩٨٣ في أقليم كوردستان العراق و تسري محلهما احكام المادة الأولى و الثانية من هذا القانون .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان

**المادة الرابعة :**

لا يعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القانون .

www.mojkurdistan.com

**المادة الخامسة :**

على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القانون .

**المادة السادسة :**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان و تسري احكامه على القضايا التي لم تصدر فيها احكاما باتة .

**د. رۆژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

## الأسباب الموجبة

تجسيداً لنظرة و سياسة حكومة أقليم كوردستان ـ العراق تجاه الطفل و مسؤوليتها في تهيأة الظروف التي تتيح له المشاركة على نحو فعال و مبدع في الحياة الأجتماعية و السياسية و تنمية قدراته الفكرية و الخلقية و الروحية ضمن أسرة متماسكة و ضمان رابطة مستمرة و متواصلة لأطفالها معها و ايجاد الظروف اللازمة لأستكمال نمو شخصية الطفل بشكل سوي و متوازن في بيئة ملائمة و هو يمر باخطر مراحل عمره ، وحيث ان الحدث قبل بلوغه سن الحادية عشرة ضعيف الأدراك لطبيعة ما يقترف من أفعال قد تكون مخالفة للقانون و عدم توقعه أبعادها القانونية و الأجتماعية و المخاطر التي تترتب عليها و الأضرار التي تلحق بالمجتمع من جرائها وما ستترتب عليه من مسؤولية جنائية وما سينال تبعاً لذلك من عقاب أو تدبير ، و تماشياً مع الأتجاهات السائدة في دول العالم المتقدمة في مجال رعاية الأحداث لوقايتهم من الجنوح و معالجة ما يتعرضون له من انحرافات و جنوح و لكي تكون احكام قانون رعاية الأحداث اكثر انسجاماً مع احكام الأعلان المتعلق بالمباديء الأجتماعية و القانونية و المتصلة بحقوق الأطفال و رعايتهم واحكام اتفاقية حقوق الطفل المعتمدة من قبل الأمم المتحدة و النافذة في ٣/ ايلول / ١٩٩٠ .

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القــرار : ١٠**

**تـأريخ القــرار : ٢٠٠١/١٠/١٠**

## " قـــرار "

أستناداً الى احكام الفقرة / أ من المادة / ٥٦ و المادة (٥٣) من القانون رقـم / ١ لـسنة ١٩٩٢ المعـدل و بناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء ، قرر المجلس الوطني لكوردسـتان العـراق في جلـسته المرقمـة (٦) و المنعقدة بتأريخ (٢٠٠١/١٠/١٠) ما يلي :

**أولاً** : يخـول رئـيس مجلـس وزراء أقلـيم كوردسـتان العـراق صـلاحية اصـدار قـرار العفـو الخـاص عـن المحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين أطرافها أمام القضاء . باستثناء الجرائم التالية:

١. المخدرات .
٢. التجسس .
٣. القتل المقترن بالسرقة .
٤. الأختلاس و السرقة الواقعة على اموال الدولة .
٥. الرشوة .
٦. الأغتصاب .
٧. اللواطة .
٨. الزنا بالمحارم .
٩. الأعتداء على الموظفين أو المكلفين بخدمة عامة أثناء تأدية واجباتهم أو بسببها .
١٠. قتل الأجانب العاملين في اقليم كوردستان العراق .
١١. جرائم الأرهاب .

**ثانياً** : يكون هذا القرار ساري المفعول لحين اكمال المرحلة الثانية لأنتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية .

**ثالثاً** : لا يستفيد المحكومون من قرار العفو لأكثر من مرة واحدة .

**رابعاً** : على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار .

**خامساً** : لا يعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القرار .

**سادساً** : ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نــوري شــاويــس**

**رئيـس الـمجـلـس الـوطني لكوردسـتان العــراق**

ئـــــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

استناداً الى أحكام المادة (٨) من قانون مجلس الوزارء رقم ٣ لسنة ١٩٩٢ و بناءاً على ما عرضه وزارة الأوقاف و الشؤون الأسلامية قرر مجلس وزراء أقليم كوردستان بجلسته المرقمة (١٩) المنعقدة بتأريخ ١٢/ ٩/ ٢٠٠١ أصدار النظام الأتي :

## نظــام رقــم (٤) لســنة ٢٠٠١
## نظام معهــد الأئمــة و الخطبــاء
## لـوزارة الأوقــاف و الشـؤون الأسـلامية لأقليـم كوردسـتان ـ العــراق

**المادة الأولـى :** يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة أزاءها لأغراض هذا النظام .

١. الأقليم: أقليم كوردستان العراق .
٢. الوزارة : وزارة الأوقاف و الشؤون الأسلامية .
٣. الوزير : وزير الأوقاف و الشؤون الأسلامية .
٤. المعهد : معهد أعداد الأئمة و الخطباء .
٥. العميد : عميد معهد أعداد الأئمة و الخطباء .

## الفصـل الأول
## التـأسيـس

**المادة الثانيـة :**

١. يؤسس بموجب هذا النظام معهد أعداد الأئمة و الخطباء في أربيل عاصمة الأقليم و مراكز المحافظات حسب الحاجة و يرتبط بالوزير مباشرة .
٢. تكون مدة الدراسة في المعهد سنتين تقويميتين و يمنح الخريج شهادة دبلوم في العلوم الأسلامية ويحدد راتبه بـ(١٤٠) دينار شهرياً .

**المادة الثالثـة :** المعهد حرم أمن و مركز أشعاع حضاري و فكري و علمي أسلامي .

**المادة الرابعـة :** يتولي المعهد ما يلي :

**أولاً :** أعداد الأئمة و الخطباء و المعلمين في مجال العلوم الأسلامية و ثقافتها بما ينسجم مع الأهداف العليا للأقليم .

**ثانياً :** رفع مستوى رجال الدين الأسلامي بشكل يؤهلهم للقيام بمهامهم في الأمامة أو الخطابة أو التدريس في الجوامع و المؤسسات الأسلامية في الأقليم .

**ثالثـاً :** المساهمة في أتاحة الفرص لطلبة المدارس الأسلامية التابعة للوزارة أو وزارة التربية لأكمال دراستهم الأكاديمية

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان

**المادة الخامسـة :** يتولى أدارة المعهد مجلس يسمى ب (مجلس المعهد) و يتكون من :

www.mojkurdistan.com

١. الوزيــر : رئيساً .
٢. العميد : عضواً .

٣. عالم ديني متضلع في العلوم الأسلامية مشهود له بالكفاءة و يختار من قبل الوزير عضواً
٤. ممثل عن الهيئة التدريسية ينتخب بالأقتراع السري : عضواً .
٥. مدير المدارس الأسلامية في ديوان الوزارة : سكرتيراً .

## الفصل الثاني
## المهام و الصلاحيات

**المادة السادسة :**

**أولاً :** يتولى المجلس المهام و الصلاحيات التالية :

١. أقرار المناهج الدراسية و تطويرها و توفير مستلزماتها و تحديد السنة الدراسية و أوقات الأمتحانات .
٢. تحديد الأسس العامة للقبول في المعهد سنوياً و بما يتلائم مع الأهداف العامة للوزارة .
٣. منح الشهادة لخريجي المعهد و يكون من قبل رئيس المجلس و ذلك في ١٠/١ من كل سنة .
٤. تحديد ملاكات المعهد من التدريسيين و الموظفين و المحاضرين و( يفضل ان يكون من علماء الدين الأسلامي البارزين ) حسب الحاجة .
٥. تعين أعضاء الهيئة التدريسية و المحاضرين .
٦. مناقشة الميزانية السنوية للمعهد المقدمة من قبل العمادة و تقديمها للوزارة .
٧. أعداد تقرير سنوي عن المستوى العلمي للمعهد .
٨. تطبيق العقوبات الأنظباطية بحق الطلبة فيما يتعلق بالفصل و ترقين القيد .

**ثانياً :**

أ. تكون أجتماعات المجلس دورياً و لرئيس المجلس طلب عقد الأجتماعات بناءاً على أقتراح العميد عند الحاجة.
ب. لا يكتمل نصاب اجتماعات المجلس و لاتصدر قراراته الا بالأكثرية ولا تنفذ الا بعد مصادقة الوزير عليها .

**المادة السابعة :** يرأس المعهد (عميد) يشترط فيه ان يكون حاصلا على شهادة جامعية عليا في العلوم الأسلامية او القانون .

أ. تنفيذ قرارات المجلس .
ب. ادارة الشؤون العلمية و الأدارية و المالية للمعهد وفقا للقوانين والأنظمة المرعية .
ج. الأشراف على الطلبة و التدريب الصيفي و نشاطاتهم .
د. تقديم تقرير فصلي عن سير كافة الأمور في المعهد الى المجلس .
ح. فرض العقوبات الأنظباطية على الطلبة ما عدا الفصل و ترقين القيد حسب الأنظمة و التعليمات النافذة .

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الثامنة :** يساعد العميد في ادارة شؤون المعهد (معاون) حاصل على شهادة جامعية اولية خدمة لا تقل عن ثلاث سنوات.

**المادة التاسعة :** تتألف الهيئة التدريسية للمعهد من :

١. الأساتذة : (على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية عليا ) .
٢. الأساتذة المساعدين : (على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية عليا ) .
٣. المدرسين .
٤. المدرسين المساعدين.

## الفصل الثالث
## شروط قبول الطلبة

**المادة العاشرة :** يقبل الطلبة في المعهد حسب الشروط التالية :

١. لا يقل عمر الطالب عن (١٨) سنة و لا تزيد عن (٣٠) سنة .
٢. حائز على شهادة الأعدادية الأسلامية التابعة للوزارة أو وزارة التربية أو ما يعادلها .
٣. ان يكون من ابوين عراقيين و للوزير قبول الطلبة من غير العراقيين .
٤. حسن السلوك و الأستقامة وغير محكوم عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف .
٥. ان يكون سالما من الأمراض العقلية او المعدية .
٦. غير مفصول من كليات او معاهد الأقليم .

**المادة الحادية عشر :** يعين خريجوا المعهد بصفة امام أو امام وخطيب أو معلم حسب حاجة الوزارة.

## الفصل الرابع
## مالية المعهد

**المادة الثانية عشر :** تتكون مالية المعهد من :

١. الميزانية المخصصة له من قبل الوزارة .
٢. المنح و الهدايا المقدمة اليه بموافقة الوزارة .

**المادة الثالثة عشر :** تهيئة الأقسام الداخلية للطلبة ومنح مخصصات شهرية قدرها (١٥٠) دينار للطلبة الخارجيين و (٥٠) دينار لطلبة مركز المحافظة التي يتواجد فيها المعهد .

## الفصل الخامس
## الأحكام العامة

**المادة الرابعة عشر :** يتم منح الرتب العلمية للتدريسيين وفق ماهو مقرر في قانون التعليم العالي و البحث العلمي النافذ ويتمتع حاملوا شهادتي الماجستير والدكتوراه بنفس امتيازات اقرانهم من العاملين في جامعات الأقليم .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الخامسة عشر :** لوزير الأوقاف و الشؤون الأسلامية أصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا النظام .

**المادة السادســة عشــر :** ينفذ هذا النظام أعتباراً من تأريخ نشره في وقائع كوردستان .

**نيـچيـرڤــان بــارزانــى**
**رئيـس مجـلس الــوزراء لأقليــم كوردسـتان العــراق**

**" پـۆزش "**

لـە ژمـارە (٢٠)ی رۆژنامەکەمانــدا و لـە رێنمـایی ژمـارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٠١ی وەزارەتـی کـشتوکاڵ و ئاودێریــدا بە هەڵە لـە برگە (٣)ی ماددەی یەکەمدا وشەی ((نقابـة)) پەڕیــوە کەڕاستەکەی:-

٣. (القانــون : قانــون نقابــة المهندســين الزراعيـين لأقـليـم كـوردســتــان العــراق رقــم (١) الســنة / ١٩٩٩) یــە.

برگەی چوارەمیش بەم شێوەیەیە:

٤. الثروة الحيوانيـة و البيطرة : المديرية العـامة للثروة الحيوانية و البيطرة.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com